**بۆکان لە ئەمرۆ و لە مێژوودا**

**(٩)**

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

**بۆکان لە کتێبی (تاریخ فرهنگ و ادب مکریان) دا نووسینی : ابراهیم افخمی**

ئەی عەجەب ئەمڕۆ چ باسە بۆ لە گوێم دێ دەنگی سار

ناڵەیی قومری و تەزەرووزەمزەمەی مورغی هەزار

من لە ئەندیشەی ئەمەی دابووم و ناگا دڵ کوتی

شوکری یەزدانە و سوپاسی حەزرەتی پەروەردگار

وابە دڵ نەغمەی دەکەن ئەی بێ خەبەر مورغی چەمەن

بۆ بە خێرهاتی قدوومی مەیمەنەتباری بەهار

بۆلە کونجی غەم خزاوی هەستە وەختی شادیە

مەسڵەحەت وایە دەمێکی دەرکەوین ئێمە لە شار

لێرەوە یەکسەر دەچینە شیوە قووڵ بیبینە تۆ

دەستی نەققاشی تەبیعەت چۆن لەوێدا کەوتە کار

داگەڕێین ئەمجا سەرێکی کانیەساردیش با بدەین

بێ شک هەر ئاوی ژیانە لێرەدا وا دێتە خوار

باغی قازیمان لە سەر رێیە فەرامۆشی نەکەی

دەس نیشانی خانەوادەی فەزل و فەرهەنگی شعار

داستانی قەسری خورینگات ئەگەر دیبێ ئەتۆ

یانە ئەیوانی مەداین یا قەڵای رەنگین حەسار

گەر بە ئیغراق نەزانی وەک قەڵای سەرداری نین

هەم نموونەی رەفعەتو هەم شەوکەت و وەجد و ویقار

مەرگی من ئەو حەوزەگەورە تۆ بە چی تەشبیە دەکەی

زمزمە یا کەوسەرە یا کانی دوڕی شاهوار

شەهدی ناوە یا گوڵاوە یانە تەبعی شاعیرە

سافو سەرشار و موعەتتەر هەڵقوڵی ناو جەرگی شار

رەنگە تۆ قەت گومبەزی ئاغات نەدیبێتو نەچووی

تا بزانی چۆن ئەسیرە رادمەردی رۆژگار

بەرهەموو جاهو جەلالو حیشمەتی دوێنێ هەبووی

رووتو بێ بەرگ و نەواوقووتی دەبینی خاکسار

خاکی سەر ئەو مەرقەدەی گەر ئەهلی دڵ بی تێدەگەی

وادەڵێ فرمێسکی حەسرەت داوەرێنە بێ ژمار

باغی سەرداربوو سەیاحەتگای خەڵکی بوو دریغ

هەر کە دەتگوت وەک بەهەشتە پڕ لە ئەنواعی سیمار

سەنعەتی میرزا رەشیدم لێرەدا کەوتۆتە بیر

مەزهەری زەوقو سەلیقەو ریزەکاریو شاهکار

حەیفێ دەستی ئەو هونەرمەندەی فەلەک بادا وەها

ئێستەکەش بەرداوەکەی چاوی پڕ ئاوە و ئەشکبار

کێلەشین دەروازەوانە ئافەرین لەو غیرەتە

دەردو مەینەت کردیە بەردو کەچی هەر پایەدار

دیمەنی سەرئاشیباشی هێندە خۆشە و جالیبە

نووری یەزدانی لە سەر بێ  نایە لێ سەبرو قەرار

هەرچی ئێواران بەرەو ئەوبەر لە پڕ دێمو دەڕۆم

وەختە وەک مەجنون پشێوێم روو لە شاخی کەم بە غار(١)

شوێنەوارە مێژووییەکانی بۆکان

هێندێک شوێنەواری مێژوویی بۆکان لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و هونەرەوە وەکوو ئاسەواری نەتەوەیی سەبت کراون بۆ وێنە:

١، تەپەیتابانی لە ئاوایی ئەحمەداوای محاڵی بەیی فەیزوڵلابەگی مەربووت بە دەورەی پارتی و ساسانی

٢، گردی ئاشەکۆن لە ئاوایی ئەحمەداوای محاڵی بەیی فەیزوڵلابەگی مەربووت بە هەزارەی ئەوەڵی پێش میلاد

٣، گردی مووچە لە ئاوایی تیکان تەپەی محاڵی بەیی فەیزوڵلا بەگی مەربووت بە هەزارەی ئەوەڵی پێش میلاد

٤، گردی رۆژبەیانی لە ئاوایی عەیزکەند مەربووت بە دەورانی پێش میلاد

٥، قەڵای تەپی لە ئاوایی تەپی مەربووت بە دەورانی پێش میلاد(٢)

یەک لە ئاسەوارە مێژووییەکانی ناوچەی بۆکان قەڵای فەرهادتراشە ئەوقەڵایە لە داوێنی کێوی فەرهادترش دا درووست کراوە و تەنیا لە رێگای پلیکانی بەردینەی کە بۆی درووستکراوە بە زەحمەت دەتوانی بچیە نێو قەڵاکەوە کێوی بڵیندی

فەرهادتراش لە نزیک ئاوایی سماقان، لەوێرا جادەی ئاوایی قەدیم و چۆمی جەغەتوو وشاری سایندقەڵا دەبیندرێ قەڵای فەرهادتراش حەوت وەتاغی چکۆلەی چوار گۆشەی لە بەرد دروستکراوە کە هەرکامیان جێگای شەش کەسی دەبێتەوە لە داوێنی کێوەکە داری سماق(ترش) ی لێیە کە خەڵکی ئاواییەکە کەڵکی لێوەردەگرن. قەڵایەکی مێژوویی دیکە لە ناوچەی بۆکان قەڵای ئاوایی قەڵایچیە لە نزیک ئاواییەک هەر بەو ناوە. لەو ساڵانەی دواییدا ستوونی بەردینەی زۆر و خشتی شازدەکیلۆیی پڕ لە نەخش و نیگاری لێ دیتراوەتەوە و شوێنەوارێکی قەدیمییە. گۆواری دانستنیها لەبارەی ئەو قەڵایە وتارێکی بە زمانی فارسی هەیە و نووسیویە:

روستای(قەلایچی) و حفاریهای آن و سوابق تاریخی که همراه با آثار نفیس و عتیق دوران قبل از میلاد مسیح در مجله شماره ١٩ دانستنیها اول فروردین ماه سال ١٣٦٦ شمسی

هەڵکۆڵینەکانی باستان شناسی لە بۆکان

لە پەیوەند دەگەڵ بەرنامەکانی ناوەندی باستان شناسیی ئێران تیمێک بە سەرپەرستی ئیسماعیل یەغمایی و هاوکاری پسپۆڕی باستان شناسی و ئیدارەی کوللی ئێرشادی ئیسلامی ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و ورمێ و یاریدەی مقاماتی شاری بۆکان بۆ ئەنجامی هەڵکۆڵینی باستان شناسی لە گردی (قەلایچی) هەڵکەوتوو لە بۆکان لە ئازەربایجانی غەربی گەیشتنە ئەو شوێنە و لە دوو قۆناغدا بۆ ماوەی دوومانگ خەریکی هەڵکۆڵین و پشکنین بوون لەو ماوەیەدا موهەندیس (مهدی حجت) جێگری پاراستن و زیندووکردنەوەی میراتی فەرهەنگ و ئاموزیشی باڵا و هاورێیانی ناوەندی باستان شناسی و سەرپەرستی دەفتەری ئاسەواری مێژوویی بۆکان بازدیدی ئەو شوێنەیانکرد. ئەو هەڵکۆڵینانە بووە هۆی دیتنەوە و ناسینی ناوەندێکی گرینگی تەمەدونی هەزارەی ئەوەڵی پێش میلاد لە حەوزەی شمالغەربی ئێراندا. ئەو تیمە شۆرە و پاشماوەی قەڵایەکی بایەخداری دیتەوە کە مەعبەدی یەک لە ئەقوامی قەدیمی ئێرانە کە سێهەزار ساڵ لەوە پێش لەو شوێنە ژیاون. هەرچەند ساغبوونەوەی کامیل پێویستیی بە لێکۆڵینەوەکانی داهاتووە ئەمما ئێستاش لەو شتانەی دەستمان کەوتوە دەیسەلمێنێ لەگەڵ تەمەدونەکانی هاوشێوە و هاوزەمان وەکوو تەمەدونی زێوە لە سەقز و حەسەنلوو لە نەغەدە کە لە نەزەر جوغرافیاوە هاوحەوزەن ، بەرابەری دەکا. ئاسەواری میعماریی دەستکەوتوو لە نەزەر موشەخەساتو نەخشەوە پێماندەڵێ میعمارییەکی مەزهەبیە نەخشی خشتە لعابدارەکانیش هەرئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە  تەنانەت پاشماوەی ێسکو پلووسکی چەند ئاژەڵێک لە ژوورەکانی سەر بە تالارەکەوە پێمان دەڵێ ڕێورەسمیکی قوربانیکردن بەڕێوە چووە. ئەوەی دیتراوەتەوە تالارێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوای گردەکە و لەلای ڕۆژاواوە دوو وەتاغ و لە لای ڕۆهەڵاتەوە بورجی قەڵاکە و دەروازەی چوونە ژوور و وەتاغێکە لە نێوەڕاستی ئەو تالارە کە بەربڵاوترە چوار ستوونی بەردینە دیتراوەتەوە کە وادیارە لە دوورەدیفدا سەربان و میچی تالارەکەیان ڕاگرتووە تەواوی بیناکەش بە دیوارێکی ئەستوور دەوردراوە کە ژێر بیناکەی لەبەرد درووست کراوە . دیوارەکانی دیوی ژوورەوەی بیناکە بە نەقاشی بێوێنە ڕازاوەتەوە کە ڕەنگی سووروشینو سپی تێدا بە کار هێندراوە و شکلی هەندەسی جوانی پێ دروستکراوە. لە کاتی هەڵکۆڵیندا لەت و پەتی شکاوی زۆری ئەو دیوارانە کەوتە بەردەست کە خەریکی لێکۆڵینەوە لە سەریانن بەو هیوایەی بە لە تەنیشت یەکدانانی ئەو لەت و کوتانە هونەر و فەننی دیوارنیگاری بێ وێنەی ئەو ئاسەوارانە ئاشکرا بکرێ. بێجگەلە دیوارنیگارەکان ئەوەی کە زیاتر بایەخی تایبەتی ئەو دیتراوەیە دەباتە سەرێ کاشی لعابداری نەخشدارە کە لە ئەندازەی جیاوازدا بۆ ڕازاندنەوە و قایمتر کردنی بیناکە کەڵکی لێوەرگیراوە و تا ئێستا لە شووش نەبێ لە هیچ جێگایەکی دیکە ئەوەندە خشتی جوانی لعابدار نەبیندراوەتەوە کە بۆ لێکۆڵینەوەی باستان شناسی بایەخی تایبەتیيان هەیە. بە لە تەنیشت یەک دانانی ئەو خشتانە نەخشی جوانی سێگۆشە ، دایرەی لەباڵ یەکدا ، خەتی شکێندراو ، نەخشی ئینسانی و گیایی جۆراوجۆر دروست دەبێ کە هەرکامیان مەفهووم و مەعنای تایبەتی خۆی هەیە لە عومدەترینی ئەونەخشانە گوڵی نیلووفەری شین (لوتوس) ئەستێرەی ئیشتار ، نیوروخی پیاووژن و ڕەدیفی بوونەوەری ئەفسانەیین دەوراندەوری قەڵاکە تا ئێستا واریشی چوار دیوار بە دەوری یەکدا دیتراوەتەوە و گرینگترین شتی کە لەو قەڵایەدا دیتراوەتەوە و لە نەوعی خۆیدا بێ وینەیە بەردەنووسێکە بە ئەندازەی تەقریبی سەدوپەنجا زەربدەر هەشتا سانتیمیترو ئەستوورایی نزیک بە ٣٠ سانتیمیتر ، سێزدە خەتە و بە خەتی ئارامیی کۆنە و خەریکن دەیخوێننەوە کە ڕوونکەرەوەی چۆنیەتی بەکار هێنانی ئەو بینایەو مەراسمی قوربانیکردن و زۆر شتی نادیار ئاشکرا دەکا.

نزیکەی سەد ساڵ لەوەپێش بۆکان دێیەکی چکۆڵەی دوازدە ماڵی بووە کە تایەفەی مەردانبەگی ماڵەکانی خۆیان لە قەراغ کانیەکی کە دەوروبەری جەگەن و قامیش و پۆلەداری چڕوپڕ بووە دروست کردووە لە نزیک ئەو کانیە گۆلێکی لێبووە کە ئێستاش هەر ماوە و نێوی گۆلی مەردانبەگە . خاوەنداریەتی بۆکان لە بنەماڵەی مەردانبەگیرا گەیشتۆتە سەردار عەزیزخانی موکری و لە زەمانی سەردار سەیفەدینخاندا کە پیاوێکی بە ئینساف و مەردورەند بووە رەوتی خاونداریەکە بە تەواوی قەبڵێندراوە. لە نێو ئەندامانی تایەفەی مەردانبەگیدا کەیخوسرەو بەگ خاوەنی عیلم بووە کە نجوم و (اسطرلاب) ی زانیوە . تایەفەی مەردانبەگی ناسناوی (مردان بیگی ، خلکی، خەلکی نژاد) یان بۆخۆیان هەڵبژاردووە و بەشێکیان تا ئێستاش لە بۆکان و دەوروبەری بۆکان دەژین.

ئەوەڵین مەدرەسەی سەرەتایی دەوڵەتی لە بۆکان ساڵی هەزاروسێسەدوحەوتی سەمشی بنیات نراوە و ئەوەڵین مدیری ئەو مەدرەسەیە ئاغای (مهدی شیبانی) خەڵکی تەورێز و ئەوەلین موعەلیم مەرحوومی شێخ حەسەنی کازمی موکری خەڵکی بۆکان و ئەولین سەرایداری مەدرەسە مەرحوومی (میرە دربانی) خەڵکی بۆکان بوو. پێش بنیاتنانی ئەو مەدرەسەیە بۆکان مەکتەبخانەی قەدیمی هەبوو کە شاگردەکان لە لای موعەلیمی خوسووسی دەرسەکانی مەکتەبخانەی ئەو زەمانیان دەخویند بەڵام دوای کردنەوەی مەدرەسەی سەرەتایی شاگردەکان لە تەمەنی حەوساڵرا لەو مەدرەسەیە وەرگیران کە هیجیان زمانی فارسیان نەدەزانی ئەمما دڵسۆزی و میهرەبانی وزانایی ئاغای شیبانی وایکرد لە ماوەیەکی کورتدا ئەو مەدرەسەیەی بۆکان بوو بە نموونە. ئێستا شاری بۆکان و دێهاتی دەوروبەری پڕە لە گەنجی خوێندەوار و خاوەنی مەدرەکی باڵای زانستگا لە هەموو بوارەکاندا.

بازاڕی حەوتووانەی بۆکان کانگایەکی گرینگی داهاتی شارەداری

ئەو بازاڕە حەوتووی جارێک لە رۆژهەڵاتی شاری بۆکان لە زەمینێک بە مەساحەتی پێنجهەزارمیتری چوارگۆشە هەموو رۆژانی شەممە ئەنواعی گاوگۆڵو مەڕوبزنی تێدا دەفرۆشرا. خەڵکی دێهاتی ناوچە کوردنشینەکان ئاژەڵەکانی خۆیان دێنا ئەو بازاڕە و کریارەکان لە شارەکانی تاران ، ئابادان، هەمەدان مەراغە، مهاباد و شوێنەکانی دیکە کە جاری وابوو هەزاران کەس دەبوون دەهاتنە ئەوبازاڕە . شارەداریی بۆکان لە فرۆشی هەر گا، مانگا ، گوێلک ١٨ تمەن و لە فرۆشی هەر مەڕ، بزن، بەرخ، کاریلە ٥ تمەنی وەردەگرت .

هیلال ئەحمەری بۆکان

جەمعییەتی شێروخورشیدی سووری ئێران ساڵی ١٣٢٨ی شەمسی لە بۆکان دامەزرا و ساڵی ١٣٣٠ ئەوەڵین دەرمانگای سی تەختخابی لە زەمینێک بە مەساحەتی ٣٠٩٦ میتر و ژێربینای ٤٨٦ میتر درووست کرا دوکتور فرێدریشی ئاڵمانی کە جەڕاحی دەرمانگاکە بوو بە شێوەی کاتی سەرپەرستیی دەرمانگاکەشی دەکرد و ئەمنیش (برایم ئەفخەمی) لە کاروباری ئیداری دا یاریدەم دەکرد ئەو دەرمانگایە تا کردنەوەی بیمارستانی ٥٠ تەختخابی مواداوای نەخۆشەکانی دەکرد.دوکتور فرێدریش بە هاوکاری خانمەکەی مواداوای نەخۆشەکانیان دەکرد وئاغای ئەحمەدی ئویسی بۆ قسەکردن دەگەڵ نەخۆشەکان لەوێ دامەزرابوو هەروەها کەسێک لە یەهوودیەکانی ئالمان بە نێوی داود وەکوو وەرگێڕ دەگەڵ دوکتور فرێدریش هاتبوو لە فارسی را بۆ ئالمانی تەرجومەی دەکرد. دوایە نەخۆشخانەی ٥٠ تەختخابی لە زەمینێک بە مەساحەتی ٦٠٠٠میتر و ئەعیانیی ٢٨٥٧ میتر بە هەوڵ و تێکۆشانی من وەک مودیرعامیل دەستی بە کار کرد.

ئەوەش دەستە شیعرێکی مامۆستا هێدی و ئاغای ئەفخەمی لە وەسفی بۆکاندا:

دەسا سروە مەوێستە و رامەمێنە وەرە لەو شارە وێنێکی بهێنە

گوڵی دڵ دێتە پشکوتن بە وێنەی چ شارێکی بە هەست و دڵڕفێنە

نییە زاڵەی ستەم ناڵەی نەخۆشی کە پشتی گرتووە ناڵەشکێنە

ئەگەر بۆکان بپرسن دیمەنی جوان وەرە بۆکان لە هیچ لایەک مەمێنە

شەماڵ ئاوارەیی دەشتو چیاکەی دەڵێی لەیلی ونە لەو هەردوو شوێنە

هەیە حەوزی لە حاندی نێوەڕاستی لە دڵ حەسرەت لە لەش وەرهەم پەڕێنە

لە بەر ئەو چاوە جوانە شاری بۆکان لە چاوی ئێمەدا بۆتە گلێنە

قەڵای سەردار دەڵێ سەرداری سەردار کە دوژمن پێدەکوت سەردانەوینە

ئەوێستا بێسەری سەردارە ماوە وەکوو کاول بێ وایە بیرمێنە

(١) ئاغای ئەفخەمی ئەو قەسیدەیەی لە ئەوەڵی کتێبەکەیدا هێناوە بەڵام نێوی شاعیرەکەی نەکوتووە . هەوڵم دا بە ناسینەوەی سەبک و بەکارهێنانی وشە و ....بە شاعیرێکی ببەستمەوە ، سەرنەکەوتم.

(٢) لیستی ئاسەوارەکانی مێژوویی بۆکان لە کتێبەکەدا دوور و درێژەو هەر ئەوەندە نییە کە لێرەدا هاتووە بۆ درێژنەبوونەوەی مەتڵەب ئەو چەند دانەیەم لێ هەڵبژارد.

درێژەی هەیە